# دیدگاههای مختلف دربارهٔ مولوی

محمود کرمی

سپاس بۆ ئەو خودایەی کە دەرفەتێکی وای داوینێ کە لە داوێنی پێر و بەزەی ویدا دەتوانین لە سەر ئەستێرە گەش و پرشنگدارەکانی ئاسمانی ئەدەبی کوردی بدوێین و بیرو رامان بە زمانی زگماکی خۆمان دەربڕین و زمانی پیرۆزی گەلەکەمان بە خەڵکی دنیا بناسێنین و دژمنی پێ بتاسێنین. هیودارم زانایانی گەلەکەمان بە تایبەت گەنجەکانی کورد، کانی گەنجی پێناسی گەلەکەمان کە زمان و ئەدەبو فەرهەنگە بەتۆژو لێ کۆڵینەوە و هۆنینەوە و نوسین و لێك دانەوەی بەربڵاو بەهەموکاژێرێکی دنیای ڕاگەیەنن و لە هەمو بوارێکەوە سەری بخەن تا خەڵکی دنیا تێ بگاکە گەلی کورد خاوەن چ فەرهەنگ و ئەدەب و وێژەیەکە و بە هاری زمان و فەرهەنگی گەلی کورد پاییزی بە سەردا نایە و بەفر و سەهۆڵی زستانی نەفامی ڕوی داناگرێ و هەرگیز نامرێ. یەکێك لەو مەسەلەگرینگانەی کەلەم ڕۆدا ـ باسی بەڕاستی پێویستە، ناسین و ناساندنی زانایان و تۆژەران و ئەدیبان و شاعیرانی پێشوی گەلەکەمانە کە دەبێ وەك کانی گەواهێرات دەربخرێن و نوێنەکی مێشك و دڵ لە ژەنگارو تۆزی نەناسینیان مشت و ماڵ بکرێ. یەکێك لەو پیاوەگەورانەی کە ئەدیب و شاعیر و خواناسێکی گەورە بوە (سەیید عبدالرحیمی تاوەگۆزی) ناسراو بە مەولەوی کوردە کە هەستی خاوێن و سۆزیگیان بەخشی دیمەن و نەخشی مێژو فەرهەنگی نەتەوەکەمانی جوانتر و دڵ ڕفێنتر کردوە ـ مەولەوی کوڕی (ملا سعید) و لە نەوەی (ملا یوسف جانی) کوڕی (ملا ابوبکری مصنفی چوری) یەکە ئەگەڕێتەوە سەر خواناسی بەناو بانگ (سەیید محمّد زاهید) کە بە (پیرخدری شاهو) ناوبانگی دەرکردوە.

مەولەوی بۆ خوێندنی دەرسی مەلایەتی لە نێوان شارەکانی ئێران و ئیزاقدا زۆری هاتو چۆ کردوە و زۆ گەڕاوە ـ (ملا سەعیدی) باوکی یەکەم مامۆستایەك بوە کە دەرسی پێ گوتوە و لە ئاکامدا لە سلیمانی لە خزمەت (ملا عبدالرحمانی نۆتشەیی) دا کە موفتی سلێمانی و مامۆستای مزگەوتی (مەڵکەندی) بووە خوێندنی تەواو کردوە ـ مەولەوی لە ئاکامدا لە ساڵی ۱۳۰۰ ی کوچیداکۆچی دوایی ئەکا و لەگوڕستانی (ئەصحابە) نزیکی (سەرشاتە) کە دێی لە دایك بونی بوە بە خاکی ئەسپێرن. مەولەوی لە ژیاندا چی بە سەرهاتوە و چۆن ژیاوە کەیفی خۆیەتی، مەسەلەی گرینگ بیرو باوەری مەولەویە کە پێویستە باسی لە سەربکرێ ـ هەر ئاسەوارێکی مەولەوی لە یەکەم ڕواندانیشان دەری خواناسی و ئەویندارى بێ گەردی ئەو بە خودای گەورەیە ـ شێعرەکانی هەر سۆزی دەرون و گڕی بە تاوتینی ئەوینە ـ وت و وێژی ئەویندارێکی ڕاستەقینە دەگەڵ دڵبەر دایە بۆیە بێ پەردە دەڵێ:

چەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ     کەفِ پات وەخار دیدەم ئێشابۆ
یا کەردە بۆ دڵ دێوانەی دڵ تەنگ     وەخت نیشانەی دڵان پەی خەرەنگ
پەلە پەل پەی زەوق زامێ وەتیرت     ئازا دابۆ تای زوڵف زنجیرت
یا خۆ تۆ دابۆت وە دڵ مەزەیمەرگ     تیری خەدەنگت دابۆ نە تۆی جەرگ

واتە: نەوەك بە هۆی نوارینی من لە تۆ، نێو چاوانت ئازاری پێ گەیشتبێ، یان بەری پێت بە دڕکی برژانگم کە بەسەر یا ئەڕۆیشتی ئێشابێ، یا خۆ کاتێ کە دڵان بۆ تیری چاوت ئەبن بە نیشانە، دڵە شێتەکەی من بۆ چەشتنی زامی تیرت پەلەپەلی کرد بێ و بە و هۆیە ئازاری گەیاندبێ! بە تای زوڵفی تۆ کە وەك زنجیرێ دڵی منی پێ بەسراوەتەوە، یا خۆ تۆ تام و چێژی مەرگت بە دڵم چەشاندبێ و بە تیری برژانگەکانت جەرگمت بریندار کردبێ و دڵمت لە پێکران بە تیری ئەوینت بێ بەش کردبێ.

یا مەڕدەبۆت، دڵ دێوانەی دڵگیر     جەتیرئەندازی، کەردە بۆت تەقصیر
یا نەدابۆت تۆز، گەرد پالاکەت     پەرێ سورمەی چەم سفتەی بالاکەت

ئەگەر دڵیشمت لەو تیرە بی‌بەش نەکرد بی‌کەمت دابێ و دریغت لێ کردبێ، وە بەوە دڵمت پتر شکاندبێ یان تۆزی کەوشەکانت نەدابێ بۆکلەی چاوی ئەو کەسەی سوتاوی عەشقی بالأتە، ئەو شێعرە نەتەنیا ئەوینی مەولەوی دەگەیەنێ، لە باری کەسم و بیچمی خەیاڵی و ناسك خەیاڵیشەوە لە پلەو پایەیەکی بەرزدایەکە دەبێ ئەدەب لە حانیداسەر دانەوێنێ و خۆبشکێنێ و خۆی بە لای شێعرەکانی مەولەویدا بخشێنی تا بمێنێ لەو شێعرەداکە ڕابرد، مەولەوی ئەوینی دڵبەر بە زنجیرێك کە دڵی پێ بەسراوەتەوە نێو دەباوە دیسان هەر ئەو ئەوینە بە تیری تیرئەندازان دەگرێ و تۆزی پێڵاوی دڵبەری بێوێنەی بەکلەی چاوی سوتاوانی ڕێگەی ئەوین دەگرێ کە بەیەك گرتن و تشبیە لەوە جوانتر نابێ ـ بەو شێوە مەولەوی بە سۆزی دور لە قۆز و پۆز لەگەڵ هۆزی ئەویندارانی خۆی‌یەك ئەخا، لە چەن شێعری دیکەدا پتر پەردە لەسەر ئەو ئەویندارییە لا دەباو دەڵێ:

شەرارەی کورەی دەرون پڕ جۆش ‌ ‌ ‌ ‌ دیگ چەمەی چەم ئاوەر دوەخرۆش
سەرکەردەن خووناو نەڕوی ڕوخسارم ‌ ‌ ‌ ‌ کەردەن وەشە تاو جە ستەی خەمبارم
وەلوە لەی لولەی پێشەی ئازای چاك ‌ ‌ ‌ ‌ یاواوە سەرین نۆ پەردەی ئەفلاك

واتە: بڵێسەی تەندوری ناخی بەجۆشم مەنجەڵە ئاوی سەرچاوەی چاومی هێنایە کوڵ و فرمێسکی بە خوڕ لێ ڕژاند، خوێناو لە چاومەوە لێشاوی کردوە و لەشی خەمبارمی وەك شەتاولێ کردوە بۆیە دەنگی شمشاڵی ئێسقانی تێك شکاوی لەشم گەیشتوەتە ئاسمانی حەوتەم و عەرش و کورسی ـ لە دوای ئەوە دەڵێ:

پەرێم مەگرەوان انس و جنّ و حوور ‌ ‌ ‌ ‌ ناڵە مەکەران جە دەرگای غەفوور
مەلاڵان یەك یەك پەرێ ڕزگاریم ‌ ‌ ‌ ‌ پەرێ سارێشی زامان کاریم

بە هۆی تێك شکاویم ئادە میزاد و جن و حۆریەکانی بەهەشت بۆم ئەگرین و ئەپاڕێنەوە بۆم لە قاپی خودا و ئەلاڵێنەوە تا ڕزگار ببم و زامەکاریەکانم سارێش ببن، لە پاش ئەوە دەڵێ:

تۆ نه تۆی حیجاب ئیستغنامه دهۆش    نه حەجلەی خاوکای ڕاحەتی‌خامۆش
نــە یــاوان هــێمان وەلات فـەریا دم    نـــەزانـــ‌ت وە دەرد داد و بــێدادم

که چی تۆ له نێو پەردەی بێ باکی و بێ نیازیدای و ئاگات لەکەس نیەو لەسەر جێگای ڕابواردن و نوستنی خۆ تا خۆت بێ دەنگ کردوه و هێشتا هاواری منت پێ نەگەشتوه و به حاڵی زارو داد و بێدادی منت نەزانیوە.

ساگۆش ده رساتێ وهی زیر وبەمدا    بــویه روه بــاڵین ئــەهل مــاتەم دا
تالێت مەعلووم بۆ سەختی هیجرانت    بــزانـی وه دەرد خـەستەی زامـانت
بەڵکم ڕەحم خـەیر بـاوەری وه دڵ    ساتێ پەی دەرون تەسکین بۆ حاصڵ
چــینه زیــاتەر، شـای نـەو نـەمامان    بێ ئینسافی‌یەن جـەفای بـێ سامان

واته: گوێ به ساز و سەنتوری هاوار و ناڵەکەم بده و بەلای خەفەتباراناتێ پەڕە تابزانی دەردی دوریت چەند نارەحەتەو تێ بگەی که ئەوی بەزامـی تـیری تـۆ بـریندارە له چ حاڵێکدایە بەڵکو بەزەییت پیا بێتەوه و کارێ بکەی تاوی بحەسێتەوە ـ ئەی سەرۆکی تازه پێ گەیشتوان ئینساف نیه لەمەزیاتر سزای ئـەویندارانـی درگـات بـدەی ـ مـەولەوی له شێعرێکداکه به بۆنەی جێژنی موبارەکی قوربان هۆنیویەتەوه نیشانی‌داوەکه هیچ پەردە و لەمپەرێکی دەنێوان و خۆی و دڵبەردا هەست نەکردوه و نیشانی داوەکه ئەویندارى بێ خەوشی دڵدارەکه نیازی به ئەزمون نیه و پێویست ناکاکه له بەردی محەك بدرێ، بۆیه دەڵێ:

کۆن کوشتی و، باردیێ گـوڵجەمینانەن    هەی سەر، هەی ئەرواح دڵ خـەمینانەن
هەرکەس گیان وەکەف پەی نیگارێوەن    هــــەریەك قــوربانی وەفـادارێـوەن

واته: جێژنی قوربان وادەی ئەوەیەکه یاره جوانەکان بپرسن کواحەیوانی قوربانی؟ بیهێنن با سەری ببڕین، دڵدارانـی خـەفەتباریش بـڵێن فـەرموون ئـەوه سـەروگیانمان له

بەردەستانایە، هەریەك لە دڵداران گیانی خۆی ناوەتە سەردەستی بۆ دڵدارێك و خۆی کردوە بە قوربانی بۆ یارێك ـ لە دوای ئەوە دەڵێ:

ساتۆیچ من وەرە، وە قوربانی کە    من وە قوربانیی ڕای ڕەبانی کە

ساتویش وەرە من وەکو بەرخ لە ڕێگەی خواپەرستیدا بکە بە قوربانی؛ لە پاش ئەوە مەولەوی لە ئەوپەڕی خوداپەرستیەوە بە خۆی ئەڵێ:

خەیاڵێت کەردەن جە ڕووی نادانی    چ لایق وەتۆن ڕوتبەی قوربانی

واتە: لە ڕوی نەزانیە «مەولەوی» ـ ئەم خەیاڵەت کردوە، کەی تۆ هێژای ئەوەی پایەی قوربانیت بدرێ، مەولەوی بەو هەموە خواناسیەوە لە بەرانبەر خودادا خۆ بە تاوانبار دادەنێ و دەڵێ:

حەق وە لطف وێش باوەڕۆ ئەوڕێت    سوود سەرمایەی عەقیدەکەی وێت
وەرنە من لافاو تاوانان بەرد دەم    دۆعام ڕای دەرگای قەبووڵ گومکەردەم

یانی: خوا بە مێهرەبانی خۆی قازانجی باوەڕی خۆتت دەستگیر کا ئەگینا من لافاوی گوناه بردومی و دۆعام ڕێگای قوبوڵ بونی ون کردوە ـ لە شێعرێکی دیکەدا بە ناسك خەیاڵیەکی شاعیرانەوە دەڵێ:

سفیدیت قەڵغان پەی ڕووی سیاتبۆ    کە مانیت شەفیع تیر دیات بۆ

واتە: هۆمیدم وایە سپیەتیی مووی سەرو ریشت ببی بە قەلغان و نەیەڵێ لە ڕۆژی قیامەتا ڕوڕەش ببی وە چەمینەوەی باڵات کەوەك کەوانی لێ هاتوە ببی بە تکاکار بۆ ئەوەی نەیەڵێ گرفتاری سزای ڕوانینی حەرام ببی.

ئەو شێعرە بە تەنیا ناسك خەیاڵیەکی زۆری تێایە ـ وەك سپیەتی موی سەرو ڕیش لە بەرانبەر ڕوی سیادایان تشبیە کردن و وێك زانینی پشتی کۆم و چەماوە بەکەوان چونکە کاتێ مرۆڤ پشتی کۆم بێتەوە سەریشی خواردەبێ و ناتوانێ بە باشی لە هیچ حەرامێك

بنواڕی و تماشای کەس بکا، لە لایەکی دیکەشەوە پشتی کۆم وەك چەمانەوەو سەردانەواندن وایە بۆتکا ـ بۆیە گوتویە: بەڵکو پشتی چەماوەم ببێ بە تکاکاری نواڕینی حەرامم ـ لەو شێعرەدا نەتەنیا ناسك خەیاڵی بەڵکو لە ڕوانگەی زانستی (بەدیعیشەوە) هونەری (طباق)ی تیا بەکار هێنراوە ـ هونەری (طباق) بریتیە لەکۆکردنەوەی چەند وشە کە پێوەندیان بە یەکەوە هەبێ ـ کە مەولەویش ئەوکارەی کردوە وەك دووشەی سپی و ڕەش و تیروکەوان و قەڵغان، لە شێعرێکی دیکەدا بیچمی خەیاڵ واتە (صورَ خەیالی) بە جوانترین شێوە خۆ دەنوێنێ و دیمەنێکی دڵ ڕفێنی واپێك دێنێ کە هەر بیرەوەرێ واقی لێ وڕدەمێنێ و هەستی هەر بە هەستێ دەبزوێنێ و وازی پێ لە توێکڵ دێنێ و دڵی هەرەخاوەن دڵێ ڕادەژێنێ و تەمی خەمی هەر خەمبارێك دەڕەوێنێ و ڕێژنەی بارانی ڕەحمەت و جوانی و پێکەوتویی بە سەردا دەبارێنێ ـ وەك دەڵێ:

تاوە زوڵف و ڕووی تۆ تەماشامەن  ئەدای نمای فەرز صوبح و عیشامەن

واتە: تا من خەریکی تەماشای ئەو زوڵفە ڕەشەی تو و ئەو ڕوخسارە ڕووناکەت بم ئەبێ هەر خەریکی کردنی نوێژی عیشا و بەیانی بم، چونکە کاتێ سەیری زوڵفت ئەکەم وائەزانم شەوە و ئەبێ نوێژی عیشا بکەم وەکاتێ کە سەیری ڕوی ڕوناکت ئەکەم وا ئەزانم ڕۆژ بوەتەوەو ئەبێ نوێژی بەیانی بکەم و بەو سەیرەوە جیا لە نوێژکردن کارێکی دیکەم لە دەس نایە. جاکام شاعیرە کە ئەوەندە ناسك خەیاڵ بێ کە جیا لە ڕون کردنەوەی مەبەستێکی تایبەتی هونەری ئاوا بنوێنێ، مەولەوی لە شێعرێکی دیکەدا بە ناسك خەیاڵیەکی زۆرەوە دەڵێ:

واتم مەیل دڵ، پەی کەسێ کەسەن  جە تەن خوای صوحبەت ظاهیریوەسەن
خەیاڵم کەفتەی ئاسانەکەی تۆن  چ حاجەت ظاهیر ئاماو ئامۆشۆن

واتە: وتم بۆکەسێ کە کەس بێ خۆشەویستی دڵ بە سەو پێویست بە هاتنی خۆی ناکا، منیش خەیاڵم هەمیشە لە بەردەرگای تۆداکەوتووە، ئیترچ نیاز بە هاتو چۆی ئاشکرائەکا!

مەولەوی لەو شێعرەدا ڕونی کردوەتەوە کە تەنیا پێوەندی دڵ لە ئەویندار یا بە سەو ڕیاو ڕواڵـەتکاری بـایەخێکی نـیە، گـوتمان کـە نـاسك خـەیاڵی و هـونەر لە وشـەبەو شـەو بەندبەبەندی شێعرە کانی مەولەویدا خۆ دەنوێنێ کە هونەرمەندی بێ‌وێنەیی مەولەویمان پێ دەسەڵمێنێ وەك لەو شێعرەدا دەڵێ:

خەیلێوەن خەریك زاگـەی زەحـمەتم  بـەڵکو وەڕابـۆ بـەر شـۆ عـوسرەتم
فـەڵەك وە بـەختم مـەگـەس مکیانۆ  وە ڕاکەی ڕەحمەت هەم دیس مڕیانۆ

دەمێکە یەخەرێکی (زیێ)ی زەحمەتم کە بیکەمە (ڕێ) و نوختەکەی پاك کەمەوە بەڵکو دەردو مەینەتم لێ دور بکەوێتەوە؛ چی لە بەختی ڕەشم فەلەك مێشێ ئـەنێرێ و (ڕێ) ڕەحمەتم لێ ئەکاتەوە بە (زێ) و نایەڵێ لە دەرد و زەحمەت ڕزگاریم بێ واتـە رەحمەتم لێئەکاتەوە بە (زەحمەت). لە شێعرێکی دیکەدا کەگوایا دەرمانی هەلاّمتی بۆ دۆستێك دەست نیشان کردوە، دەرمانی دەردی ئەوی دەگەڵ دڵی پڕ لە ئەوینی خـۆیا پێکەوە زۆر چالاکانە و هونەرمەندانە پێوەندداوە و پێکەوە نوساندونی و دەڵێ:

شـــنەفتم دوور بـــالەیل زوکـامشەن  دیشـــوار بـالاّی نـــەو نـــەمامشەن
بە مەودای موژگان سۆراخش کـەرۆ  وەگـــەرمی نـیشان دەمـاخش دەرۆ

واتە: بیستومە کە لەیل دوربێ‌لێی هەلاّمەتیەتی و بالاّی نەونەمام و شـوخ و شـەنگی نارەحەتە ـ بۆ دەرمانی ئەو مەرەزە دڵەی وەك هەنارم کە پڕە لە دەنگی ئێش و ئازار، لە ناوتەنووری ئاگری ئەوینی خۆیا بپیشێنێ، وە بە تێغی برژانگی خۆی کونی کاوبۆنەکەی هەڵمژی چاك ئەبێتەوە.

مەولەوی نەتەنیا لەو شێعرەدا ڕێگە چارەی هەلاّمەتی بـۆ دۆسـتێکی دەست نـیشان کردوە بەڵکو بە دڵدارەلێو شەکر بارەکەی خۆشیکە خودایەگوتوەکەگەر هەناری دڵم کە پڕ لە دەنگی ئێش و خەمی ڕێگەی تۆیە لە نیۆ بلێسەگڕی ئەوینی خۆیا بپیشێنی و تیری مۆژول‌کونی بکەی و بۆنی پێوەبکەی دەبینی کە بۆنی ئەویندار لێ دێ و تێ دەگەی کە

له ڕاستەڕێی ئەوین و ئەویندارى لام نەداوە، بۆیە لەو شێعرە فارسیەشدا دەڵێ:

تفضل بـالعَجَلْ بِـالکأس سـاقی　　صفای مَـیْ نـماید و جـه بـاقی
بکوری دو چشـم اهـل انکـار　　بکن کاری نوابیرا در ایـن کـار
ز دیده زنگ ظلمت را زُدایـد　　دلم تـصدیق رؤیت را نـماید
در این نشأه بِـامکانش بگـویم　　در آن نشأة و قوعش را بجویم

واتە: مەیگێڕ فەرمو زوکە بە لەزمەی لەکاسەدا بێنە و دڵم مەشکێنە، کە بەڕاستی ڕوی خودا لە ڕوناکی مەیا دیارە ـ بە کوێرایی چاوی بێ باوەڕان کاروباری ئێمە بە دەنگی خۆش بێنە جۆش و کارمان ڕێك بخە تا لە چاوم ژەنگی تاریکی بماڵێ و دڵم باوەڕ بکاکە خودای دیوە تا بگونجێ بڵێم خودا دەبینرێ و بەو هیوا و هۆمیدەوە لە دوی دیتنی بگەڕێم. لە ئاخریدا دەبێ بڵێم مەولەوی ئەهلی دڵ بوە و شێعرەکانی بە دڵ گوتوە بۆیە زۆر زو لە نێودڵدا جێ دەگرێ و داخم بۆ ئەو دڵەش دێ کە کانگای ئەوین و ئەویندارى نەبێ ـ وەك خواناسی گەورە و بێ هاوتا مامۆستا خەییام دەڵێ:

حەیفم لە دڵێ دێ کە بە بـێ سـوتمانە　　دڵـــدارى تـــیانە کـــردوە هـــێلانە
هەر ڕۆژێ کە بێ دڵبەر و بێ دڵـدارى　　بێ نـرخـە پـڕ و پـوچە ـ زیـانی ژیـانە

سەردەمی نوێ و پێداویستی ئەم سەردەمە بە عیرفان و بیری قاڵ و قوڵی خواناسی

بەبێ هیچ پێشەکی و سەروتارێك ـ ڕوی قسەمان لە مرۆڤی موسوڵمانە ـ ئەوکەسەی وا قورئان و بەرنامەکانی پێغەمبەری مەزن (د.خ) هیم و بناغەی ژیان و وەروێرکەی دڵ و زمانیەتی ـ ئەوکەسەی کە خودا بە یەك دەزانێ بۆ ئەوەی لەیەك لانەدا و لە هەرچی دوی پێوە بێ دور کەوێتەوە ـ لە دوڕویی و دودڵی و دوزمانی ، دویەتی ، بۆ هەر موسوڵمانێك کە لە دین تێ ئەگا ڕون و ئاشکرایەکە دین بە تێکڕایانی ئەوین یانی سوتان ـ توانەوە ـ خۆ

بەخت کردن ـ لە خۆ بردویی ـ و ڕبون ـ سڕبون ـ عیرفان ـ خواناسی و خوابینی بە چاوی دڵ جاکەوایە ئیسلام بە بێ عیرفان و ئەوین چوار چێوەیەکی بێ ناوەرۆکە و کردەوە دینیەکان هەستان و دانیشتنێکی بێ ڕەنگە ـ ڕەنگە بڵێی جا چۆن؟ لەوەرامدا دەڵێم خۆشەویستم ـ نوێژ دەخوێنی و دەبێ ئەوینی لەگەڵدابێ و دڵ ودەرونی بۆ قاڵ بکرێ و قەباڵەی خەیاڵی خاوی بۆ بەتاڵ بکرێتەوە چونکە وشە بە وشە و بەند بە بەندی نوێژ، ئەوینە و وت و وێژی ئەویندارە دەگەڵ دڵداری ڕاستەقینەدا ـ ڕۆژ و دەم گرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە نیە بەڵکو شێواز و بار هێنانە بۆ وەی وازت پێ لە خراپی بێنێ و دەردو ژانی سك‌برسی بونت پێ بسەلمێنێ تا لە بیری سك برسیانی ڕۆژگارو چەوساوەکاندا بی، بۆ ئەوەی دەم و گویت لە وتەی خراپ ببەستی و چاو لە ئارەزوگەلی بێ‌کەڵك و نەزۆك بپۆشی و تێ بکۆشی کە بەکار و ئاکاری جوان و خوداپەسەندانە خوبگری هەتا ئەمری. ـ بەڵام ئایا هەمو ئەو کارە جوان و لەبارانە بەبێ ڕێژنەی بارانی ئەوین دەگونجێ؟ هەرگیز نە ـ خودا هەر پێغەمبەرێکی کە ناردوە ئەگەر پێرەوان و دەستەو بەستەی پێغەمبەرانی پێشو بە نیشان‌دان موجزاتی پێغەمبەری ئیمانیان پێ نەهێنابێ بەکافر نیۆی لێ بردون ـ چونکە ویستویە ئیمان و ئەوینی خەڵکی لە بەرانبەر خودا دا تاقی بکاتەوە تا ڕون ببێتەوە کە ئایا ئەوان دواکەوتوی فەرمودەی خودان یا نە ؟ ئایا خەڵکی پێغەمبەر پەرستن یا خوا پەرست وە ئایا لە ئیمان ئەوین سەبارەت بە خودای گەورە ڕاست ئەکەن یان درۆ؟ ئەوە هەر ئەو مەسەلەیە کە کاتێ پێغەمبەر(د.خ) کۆچی دوایی ئەکا حەزرەتی عومەر دەڵێ هەرکەس بڵێ «موحەممەد(د.خ) مردوە بەو شمشێرە دولەتی ئەکەم» حەزرەتی ئەبوبەکری صدیق(خوای لێ ڕازی بێ) دێ بە موسوڵمانان دەڵێ: ئەو کەسەی کە پێغەمبەری پەرەستوە و تەنیا ئیمانی بە «موحەممەد» بوە ئەوە موحەممەد مردو تەواو بو بەڵام بۆ ئەوکەسەی کە ئەویندار‌ی خودایە و خواپەرستە «موحەممەد» گەرچی نەماوە هەر زیندووە چونکە بە ڕانامەکانی «موحەممەد» بەرنامە و یاسایی خوایە و خواش نامرێ، بەڵێ ئەوانە هەمونیشانەی ئەوەن کە دین بێ ئەوین یانی هیچ، چونکە

ئەوین بە خودای گەورەیەکە مرۆڤ بەرەو دین دەخشێنێ و مرۆڤ بێ ئەوی لە بەڵگە و نیشانە و پاژی هیچ یاسایەکی ئیسلامی بپرسێ دڵبەند و گیرۆدەی دەبێ‌و دەبێتە موسوڵمان و پــێ ڕەوی ڕێــبازی دڵــداری ڕاستەقینە، چـونکە مـرۆڤی مـوسوڵمان بـە نـاسینێ کەلەمەرخودای گەورەی هەیە دەزانی کە خودا بەدی هێنەری هەموانـە و ڕسکـاوانـی خۆی زۆر باش دەناسێ و دەزانێ چیان بەزەرەریان قازانجە و دەشزانێ‌کە خودای گەورە و بێ هاوتا هیچ یاساو بەرنامەیەکی بێ سودو کەڵك دانانێ‌و بۆ هەر بۆیەك هۆیەك و بۆ هەر بەرنامەیەك مەبەستێکی تایبەتی هەیەکە دەگونجێ‌کەس هێشتا پێی نەگەیشتبێ، بە ناسینەوە مرۆڤی خاوەن دڵ لە حاندی هەمو فەرمانەکانی خودادا مل‌کەچ دەکاو بەبێ چۆن و بۆچی و بێ هیچ بیانویەك بۆ بەڕێوە بردنی فەرمانەکـانی خـودا هـەنگاو هـەڵ ئەگرێ‌و بەدڵ ئارخەیانی پاڵ بەکابەی ئەوینەوە ئەدا چونکە دەزانی لایەنی دڵبەر هەر خێرو خۆشیدکە ئەوەش خواناسین واتە عیرفانە، جـا بـەو شـێوە دەردەکـەوێ کـە لە ڕابردودا بێ هیچ شك و گومانێك گەلێ‌کەس بێ ئەوی بزانێ و نیۆی بۆ دانێ. بە جۆرێ پێوەندی دەگەڵ عیرفان و خواناسیدا بوە و لەوە بە دواش چ خەڵکی ئەم سەردەمە و چ داهاتوان پێویستیان بە خواناسیەکـی قـوڵ هـەیە، بـۆ ئـەوەی کـە لە ڕوی ڕاسـتیدا دڵ دابمەزرێ و مەزرای کردەوە گوڵی جوان و ژیهاتی ئەوینی لێ بڕوێ و دێمی بڕوا بە ئاوی چاوەنەی ئەوین پاراوبکرێ، بەڵێ هەر موسوڵمانێ بە جۆرێ دەبـێ پـێوەندی دەگـەڵ عیرفاندا ببێ تا لە چێژو تامی دین تێ بگا و لە نیۆ دەریای ئەویندا پێ بگـا بـەڵام نـەك عیرفانی دوکانداران و سەوداچیان کە بەگەزی خۆ دەی پێون و بەگەزی شام و حەڵەب دەیفرۆشن و لە ڕاستەڕێشدا بەگزی و فزی گەزە ئەدەن و وەك مـامۆستای پـایەبەرزی کورد «هەژار» دەڵێ: بەمێزەری لەنگەری و عەبای فش و فۆڵ و شاڵی سەوزو کەشیدەی زەردوڕیشی قەڵەمکارەوە خوڵە سـەر بـەستەزمانان بـە هـەیبەت دەکـەن. بـەڵکو ئـەو عیرفانەی‌کە قوم بون لە دەریای ئەوینی خودادایە و جیا لە خوا مرۆڤ هەرشتێکی لابایە، عیرفانێك‌کە لەودا مرۆڤ هەمو هەنگاوێکی بۆ خودایە و خۆی لە نێو دەریای ئەوینی

خودادا له بیر دەچێتەو ەو دنیای پان و بەرین بە جێ ژوانی ئەو ئەویندارییە دەزانێ و بە بادەی دەستی دڵبەر مەست ئەبێ و خاوەن هەستێکی دی وەك مامۆستا خەییام دەفەرمێ:

ئەم لەعلە کە هێژایە لە کانێکی کەیە بۆو دوڕڕە کەواتا قە نیشانێکی کەیە
بیری ئەم و ئەو خەیاڵی خاوی من وتۆ چیرۆکی ئەوین باس و بەیانێکی کەیە

بەڵێ ئەو عیرفانە جێی نیازی ئەو ڕۆو سبەینێ هەمو موسوڵمانێکە بەڵام بەو مەرجەی کە لێڵی سێلاوی نەفامی و پێ شێلی پیری کەللە ویشکان نەبێ.

١۴ مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧١ هەتاوی.